# پاش 12 ساڵ ئاوەڵابوونی فەزای سیاسی لە کوردستان ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد تازە بەخەبەر دێن و باسی ڕفراندۆم دەکەن. . !!

شـــــــــێرزاد فاتح



ماوەیەکە لە کەناڵ ومیدیا جیاجیاکانی کوردستانەوە، قسەو باس لە سەر ڕیفراندۆم دەکرێت و کۆڕو کۆمەڵی لە سەر دەگیرێت و چاوپێکەوتنی لەسەر ساز دەکرێت، جگە لە بڵاو کراوە بێلایەنەکان و سایتەکان، بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکانی حیزبەکان وە بە تایبەت (ی ن ك) قسە لە سەر ئەم مەسەلەیە دەکەن. ئەم ڕۆشنبیرو هونەرمەندو حیزبانە پاش 12 ساڵ ئەمجا بەهۆش هاتن و لەوخەوە ڕاچڵەکین و تازەبەتازە دەیانەوێت بە هێنانە ئارای باسی ڕیفراندۆم فەزڵ فرۆشی بەسەر خەڵکی کوردستانەوە بکەن، بەڵام ئەمان درەنگ لە خەو ڕابوون و هەتا زمانیان پڕاو هاتنە قسە فرسەنێکی گەورە لە دەست دەرچوو وە ئەو زەمینەیەی کە 12 ساڵ بوو لە ئارادا بوو بە شێوەیەکی ترو لەقاڵبێکی تردا پێناسە بووەتەوە، کەچەند بەرابەر کۆسپەکانی بەردەم سازدانی ڕێفراندۆمێك وەکو مەبدەئێکیش لەکوردستان تەنگ کردۆتەوە.

ڕابەری بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری مەنسور حیکمەت هەشت ساڵ لەمەوبەروله هەل و مەرجێکی تایبەتدا، بۆ چارەسەری کێشەی میللی لە کوردستانی عێراقدا تەرحی جیابوونەوەی کرد، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ئاستی کوردستان و دەرەوەشدا ئەم باسەی لە نێو خەڵکدا تەرویج پێداو تا ڕادەیەك سەرنجی خەڵکیان بۆ ڕاکێشا، کەمن دڵنیام هەموو ئەو ڕوناکبیرو هونەرمەندانەی کە ئێستا بەخەبەر هاتون و ئەم باسە دەکەن، زۆر باش دەزانن و ئاگایان لەم تەرحەی کۆمۆنیستەکان هەیە و بەڵام بەئەمری سەرانی ناسیۆنالیستی کوردی گوێ لە مستانی سەدام و ئێران و تورکیاو ئەمەریکا، گوێی خۆیانیان لێ کپ کردو بێدەنگەیان لێ کرد. ئەو کات حیزبەکا نی بزوتنەوەی کوردایەتی وبەتایبەت هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان یەکێتی و پارتی، چونکە بەنرخی ڕۆژ سیاسەت دەکەن و ئەسڵەن ئەوەی کە بۆیان گرنگ نییە مەسەلەی کوردو چارەسەری کێشەی مللی یە لە کوردستانی عێراقدا، جگەلەوەی کە ئەم تەرحەیان بە جدی نەگرت، لەلایەکی ترەوە لە یەکێك لە هەوڵە ڕەزیلە کانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بۆ دادگایی کردنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە قانونەکانی بەعس و بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی جمهوری ئیسلامی ئێران و ڕازی کردنی دڵی حیزبی بەعس و شەخسی سەدام حسێن بوو، یەکێك لەبەندەکانی شکاتنامەپڕ شەرمەزارییەکەیان ئەوەبوو کە ( (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق داوای جیابوونەوەو سەربەخۆیی کوردستان دەکەن و سەروەری سیادەی یەکێتی خاکی عێراق ناپارێن وخەتەرن بۆ سەر ئەمنی قەومی) ) .

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کاتێك تەرحی ڕیفراندۆمی کرد بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بڕیار لە سەر چارەنوسی خۆیان بدەن، ئەمەش بە سەرپەرشتی دەزکایەکی نێو دەوڵەتی وەك یوئێن بکرێ و خەڵك دەنگ بدەن بەوەی کە ئایا دەیانەوێ لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی ( (کەئەوکات ڕژێمی سەدامی جەلاد لەسەر حوکم بوو) ) بمێننەوە، یان دەنگ بدەن بە جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق و پێهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خەڵکی کوردستان، کە سیستەمێکی مۆدێرن و علمانی بنەمای دەسەڵاتەکەی پێك بهێنێت. ئەو کات کوردستان وەزعییەتێکی هەڵواسراو و چارەنوسێکی نادیاری هەبوو، نەبۆ خۆی حکومەتێکی شەرعی وباوەڕ پێکراوی نێو دەڵەتی هەبوو، نە بەڕەسمیش بەشێك بوو لە عێراق و حکومەتی مەرکەزی، بەڵام ئەوە مەعلومە کەهەردوو حکومەتە ساواکەی یەکێتی و پارتی کە هەمان یاساو ڕێسای بەعسیان بەڕێوە دەبردو بە یاساکانی بەعس حکومەتە ساواکەیان بەسەر خەڵکدا سەپاند و لەبەرامبەر کۆمۆنیستەکان و خەڵکی ئازادی خوازدا یاسای بەعسیان بەدەستەوە دەگرت، ئەمە جگە لە پەیوەندی ژێر بەژێریان لەگەڵ حکومەتی دڕندەی بەعسدا، کە ڕۆژانە ئاشکرا دەبن و پەیوەندی و سیخوڕی سەرکردە قارەمانەکانیان بە بەعس و سەدامەوە بۆ خەڵك ئاشکرا دەبێت.

بەڵام ئێستا دوای ئەوەی کە کوردستان هەڵواسراو نییە، دوای ئەوەی کە حکومەتی هارو دڕندەی بەعس لەسەر کار لابراوە، دوای ئەوەی کە سەرانی هەردوو حیزبە میلیشیاکەی کوردستان چوونەتە بەغدادو لە (مەجلیس حوکمی کاتی عیراق) دا جێگایەکیان پێدراوە، دوای ئەم هەموو گۆڕانارییانەی کەلەم ماوانەدا ڕویان داوە، ئەم وەرەقە بەدەستەوە گیراوە، بە ڕاستی دەکرێ پێمان بڵێن کە پایەی ئەم تەرحەیان لەسەر چ بنەمایەك بەندە؟ ئەی ئێوە هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کورد. . ئایا ئەم تەرحە و لەم کاتەدا و لەم هەل و مەرجە داجگە لە تەرحێك بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی کوردستان هیچ مانایەکی تری هەیە ؟؟

ئەوەی ماوە بگوترێ ئەوەیە کە هەردوو حکومەتە ساواکەی دەسەڵاتی میلیشیای تاڵەبانی و بەرزانی دەستیان لە بن هەمانەکەوە دەرچووەو باریان کەوتۆتە لێژی و خۆشیان نازانن چارەنوسیان بەرەو کوێیە وە چییان بەسەر دێت، بۆیە ئەم حیزبانە و چارەسەری کێشەی میللی کورد لە کوردستانی عێراقدا کوجا مەرحەبا. . !! بۆیە ئێوەش هونەرمەندان و ڕوناکبیرانی کورد لێم قبوڵ کەن، ڕاستی ئەم تەرحەو لەم کاتەدا و دوای لە دەست دانی فرسەتێی 12 ساڵی، لای من جێگای شك و پرسیارە ؟! من پێم وایە کە دستێك لە پشتی ئەم تەرحەوە هەیە. . !! جا هەر وەك لای سەرەو ووتم ئەکرێت ئێوە لوتف بکەن و ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە کە پایەو فاکتۆرەکانی ئەم تەرحە لەسەر چی بەندە؟؟ ئەکرێ بزانین زەمینەکانی ئەم تەرحە لەم کاتەدا چین ؟؟

2003 / 8 / 4

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.